# بنچینەکانی زانستی قیرائات

[ کردي – کوردی – kurdish ]


ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ أصول علم القراءات ﴾

« باللغة الكردية »

إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# بنچینەکانی زانستی قیرائات

الحمد لله رب العالمين والصلاه والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

پێویستە لەسەر هەموو کەسێك کە دەیەوێت فێری زانستێك ببێت، دە بنچینە دەربارەی ئەو زانستە بزانێت، زانستی قیرائاتیش  بە هەمان شێوە وەکو زانستێکی مەزنی پەیوەندیدار بە قورئانی پیرۆزەوە پێویستە خوێندکار دە بنەمای گرنگ دەربارەی بزانێت:

**سنوورەکەی:** (القراءات القرآنية) زانستێکە بەهۆیەوە بە جوانی و درووستی وشەکانی قورئان دە خوێنرێتەوە بە پێی ئەو جێوازییانەی دەدرێتە پاڵ گوێزەرەوەکەی لە زنجیرەی سەنەدەکەیدا، یان بریتییە لەو زانستەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت یەکدەنگی گوێزەرەوەکانی کیتابی خوای گەورە بزانرێت سەبارەت بە جیاوازی شێوازەکانی دەربرینی وشەکان لە ڕووی گوێگرتنەوە.

**باسەکانی:** تایبەتە بە وشەکانی قورئانی پیرۆزەوە لە ڕووی ئەنجامدانیانەوە وەکو : مەد و قەصر و ئیدغام و ئیخفا و شتی لەو شێوە.

**بەرroومەکەی:** پارێزراوی لە هەڵە کردن لە قورئانی پیرۆز و شارەزابوون لە شێوازی خوێندنەوەی هەریەکێك لە گەورە پێشەوایانی خوێندنەوەی قورئان، هەروەها جیاکردنەوەی خوێندنەوەی پەسەندو ناپەسەند، لەگەڵ زۆر سوودی تردا.

**فەزڵی:** زانستێکی زۆر بەڕێزو مەزنی شەرعیە، چونکە پەیوەندی بە فەرموودەکانی پەروەردگارەوە هەیە.

**بەراوردکردنی لە گەڵ زانستەکانی تر:** بەراورد ناکرێت و لەهەمووزانستێك بەرزترە.

**دانەری:** پێشەوایانی قیرائات ، دەشگێڕنەوە (حفص بن عمر الدوری) بووە.یەکەمین زانایش کتێبی لەو بارەوە نووسی (ابو عبید القاسم بن سلام) ە.

**ناوی ئەم زانستە:(**علم القراءات) کۆی (قراءة) واتە: شێوازێکی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

**سەرچاوەکەی:** لە ڕێگەی سەنەدی ڕاست و درووست و متواتر لە پێشەوایانەوە تاکو دەگاتە پێغەمبەر ێلی الله علیه وسلم.

**حوکمی شەرع دەربارەی:** واجبی کیفائیە، لە ڕووی فێربوون و فێرکردن، واتە: ئەگەر کەسانێك پێی هەڵسان لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت، ئەگەر کەسیش پێی هەڵنەسا هەموان گوناهبار دەبن.

باسەكانی: بریتیە لە بنچینەكانی ئەو زانستە، بۆ نموونە: هەموو دوو هەمزەیەك لە وشەیەكدا یەكبگرن، حیجازییەكان دووەمیان تەسهیل دەكەنەوە.

سەرچاوە: الاضاءة فی بیان اصول القراءة. علی محمد الضباع.